# وەڵامێکی ئاشکراو روون
# بۆئەوانەی
# بەهەڵە لە سەید قوتب گەیشتوون

دەقی نامەکەی شێخ بەکر عەبدوڵڵا ئەبوزەیدو چەند فەتوایەکی شێخ ئەلبانی و شێخ بن بازو شێخ جیبرین سەبارەت بە سەیدقوتب .

ئامادەکردن وکوردانْدنی
سامان مامڵێسی

١٤٣١ ک ٢٠١٠ ز

ئیبن ئەلتەیمیە دەفەرموێت:(إن السلف كان اعتصامهم بالقرأن والأيمان، فلماحدث في الأمة ماحدث من التفرق والإختلاف، صار أهل التفرق والإختلاف شيعاً، **صار هؤلاءِ عمدتهم في الباطن ليس على القرآن والإيمان، ولكن على أصول إبتدعها شيوخهم**)

((حیزبایەتی لەتێڕوانینی زانایانی ئەهلی سوننەوە))

لاپەڕە:٥٤، کەلە (مجموع الفتاوى) ی وەرگرتووە، ج ١٣ لا( ٥٨_٥٩)

**ناوی کتێب: وەڵامێکی ئاشکراو روون بۆئەوانەی بەهەڵە لە سەيید قوتب تێگەیشتوون**

**ئامادەکار: سامان مامڵێسی**

**نۆرەی چاپ: یەکەم – چاپخانەی سیڤا**

**ساڵ: ١٤٣١ ک . ٢٠١٠ ز**

## بەناوی خودای بەرزی بێ هاوتا

خوێنەری خۆشتڤی.. ئەم نووسراوەی بەردەستت، بریتیە لەدەقی نامەکەی شێخ بەکر عەبدوڵڵا ئەبوزەید، کەبۆ شێخ ڕەبیع هادی مەدخەلی نووسیوە، لەکاتێکدا شێخ ڕەبیع مەدخەلی، کەقوتابی شێخ بەکر ئەبوزەیدەو داوای لێکردووە، ڕاوسەرنجی خۆی بۆ بنووسێت لەبارەی کتێبی(أضواء إسلامية على عقيدة سيد قطب وفكره)، بۆیە ئەویش دوای خوێندنەوەی کتێبی ناوبراو، ڕەخنەو تێبینی وسەرنجەکانی خۆی بۆ شێخ ڕەبیع مەدخەلی ناردووەو داوای لێ کردووە کەبەهیچ شێوەیەك ئەوکتێبە بلآونەکاتەوە، چونکە پڕیەتی لەهاندان وبەهێزکردنی گەنجەکان، بۆئەوەی دەم بکوتنە قسە پێووتنی زاناکان وبەکەم سەیریان بکەن وپووڵەکارە باشەکانییان وەربگێڕن.

وەلێ، بەداخەوە کەشێخ ڕەبیع مەدخەلی، بەگوێی مامۆستاکەی خۆی نەکردوو کتێبەکەی بلآوکردەوە، کەدەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەناوەندە عەرەبیەکاندا، ئەم ڕەچەتەیە لەنووسین، دوای کتێبەکەی شێخ ڕەبیع پەرەی سەندو لەملاولاوە کەسانی تازەپێگەیشتووی خۆ بەزانازان، دەستیان دایە نووسینی کتێب لەسەر هەڵەو کەموکوڕی و ئیجتیهادە نەپێکراوەکانی زانایان، تەنانەت مردووەکانیش لەم بەڵایە نەپارێزران، کارگەیشتە ئەوەی کە دەمکوتین لەحەسەن بەنناوسەید قوتب وشێخ سەلمان عەودەوشێخ سەفەر حەوالی وشێخ عائیزقەرنی وشێخ ناسر ئەلعەمروشێخ عەدنان عەرعورەوە، پەرییەوە بۆپێشەوا بەناوبانگەکانی ئیسلام، وەکو ئیمامی نەوەوی وئیبن وحەجەری عەسقەلانی، بەڵام ئەوەی برینەکەی بەسوێتر کرد، لەکوردستانی

خۆشماندا کەسانێکی داخ لەدڵ وبێ ئاگا لەڕێبازی سەلەف لەپرسی ڕاجیایی وبۆچوونە جوداکانـدا، کەوتنە کوردانـدنی ئەو کتێبانە بەشێوێنراوی ودەستکاری کراوی، کە نەك هەر لەکتێب نەدەچوون، بەڵکو هێندەی پێشەکی کتێبێکیش نەدەبوون وبەسەر مێردمندالآن وتازەپێگەیشتوواندا دەبەشێنرانەوە.

هەربۆیە، جێی خۆیەتی کەبەخوێنەری ئازیزی ڕابگەیەنین، ئەم زنجیرەیەش کەدووەم ڕوونکردنەوەیەو درێژە پێدەری(زنجیرەی ئاشکراکردنی چەواشەکارییەکان)ە، گەرخوا یاروپشتیوان بێت، بەردەوام دەبێت وموسڵمانان بەرچاو ڕوون وهۆشیار دەکاتەوە، تاکونەکەونە داوەوە ورێبازی سەلەفی صالحیان لێ تێك نەچێت.

بۆ زیاتر دڵنیابوون لەو ووتەو نووسراو و کۆڕە تۆمارکراوانەی کەبەناوی سەلەفی ئەم ئوممەتەوە بلاْودەکرێنەوەو کالاْی ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەیان بەبالاْدا دەکرێت، پێمان خۆشبوو کەدەقی هەندێك فەتوای شێخی زاناو بەتواناو تازەکەرەوەو فەرموودەناسی سەردەمتان بۆ بگوێزینەوە کە( موحەممەد ناسیرەدینی ئەلبانی)یە،هاوڕێ لەگەڵ چەند فەتوایەکی شێخ بن بازو شێخ جیبریندا، تاکو چیدی هیچ کەسێك جورئەتی ئەوە نەکات، درۆ بەدەم گەورە زانایانی سەلەفییەوە بکات وخۆی بەسەر موسڵماناندا ڕابدات کەهەر ئەو مەنهەجی تەواوەولێی لانەداوە، زۆرجوان گوتراوە(المتشبعُ بما لم يُعط،كلابس ثوبي زورٍ).

بەهیوای سوودمەندی موسڵمانان وڕەزامەندی کردگاری جیهانییان.

**سامان مامڵێسی**

**چەمچەماڵ/ گەڕەکی ڕاپەڕین**

**٢٥ی ڕەبیعی یەکەم/١٤٣١ی کۆچی**

## ١١ی شوباتی ٢٠١٠ی زاینی

### بسمِ اللهِ الرَحمنِ الرَحيم

برای بەڕێز شێخ ڕەبیع هادی مەدخەلی قەدرگران....
السلامُ عليكُم ورحمةُ اللهِ وبركاتهُ... وبعد:
ئامــاژە بەوحــەزەی بــەڕێزتان دەکــەم کەبۆخوێندنــەوەی کتێبــی هاوپێچکراو لەگەڵ نامەکەدا (إضواء الإسلامية على عقيدة سيد قطب وفكــره)، (چــەند تیــشك خــستنەسەرێکی ئیــسلامی بــۆ عەقیــدەی سەیدقوتب وفیکرەکەی)، کەئایا هیچ تێبینیەکی لەسەرە؟ پاشان ئایا ئـەو تێبینییانـە دەبنـەهۆی لـەناوبردنی ئەوپرۆژەیـەو دەپێـچرێتەوەو ناگێڕدرێتــەوە، لەوتێبینییانــەن کــەدەگونجێت دەســتکاری بەشــێکی کتێبەکە بکرێت ودوای چاپکردن وبلاَوکردنـەوەی بـی پاڵێوێـت وببێتـە توێـشوویەك بۆجـەنابتان لـەدواڕۆژداو بەرچـاو ڕوونییـەکیش بێـت بـۆ ئەوبەندانــەی کــەخوا بیــەوێت لــەدنیادا، لەبەرئەمــە، ئــەم شــتانەی خوارەوە دەردەخەم:

١. سەیری یەکەم لاپـەڕەیم کـرد کەپێڕسـتی بابەتـەکان بـوو، کـەبینیم چــەندین ناونیــشانی لــەبارەی ســەید قوتبــەوە کۆکردۆتــەوە– بەڕەحمـەتی خـوا بکـەوێت– کـەبریتی بـوون لەبنـەماکانی کـافرکردن وبێباوەڕی(ئیلحـاد) وبـێ دینـی(زنـدیق)و دانـان بەمەسـەلەی یـەکێتی بوون(وحدة الوجود)[١] و ووتنی دروستکراوی قورئان، دروستە بۆغـەیری

---

[١] . یـەکێتی بوون (وحدة الوجود) مەزهەبێکی فەلـسەفی نائاینیـە، بـڕوای وایـە کـە (الله) خوا وسروشت یەك ڕاستین وهەرخوا بـوونی ڕاسـتینەیەو بریتییـە لەوێنـەی ئـەم جیهانـە

خوا بەرنامەڕێژی بکات، ڕۆچوونی لەپەکخستنی سیفەتەکانی خـوادا، فــەرمووده موتــەواتیرەکان وەرناگرێــت، لەوپرســە عەقیدەییانــەدا کەپێویــستە ببڕێنــەوە، گومــان دروســت دەکــات، کۆمەڵگــەکان کافردەکــات... تاکۆتــایی ئەوناونیــشانانەی تــر کــەمووی پێــستی موسـڵمانان گرژدەکـەن، منـیش هەرلەوکاتـەدا دڵتـەنگ بـووم بۆبـاری زانایـانی موسـڵمان لەهەرێمـە جیاجیاکانـدا، کەهۆشـداربیان نـەداوه لـەبارەی ئـەم تاوانـە لەناوبەرانـەوە، جاچـۆن ئەمانـە لەگـەڵ ئـەوەدا دەگـونجێن کەکتێبـەکانی ســەید قوتــب، لەهەرناوچــەیەکدا خــۆری بەربکەوێت بڵاوبونەتەوەو زۆرێکیـان سـوودی لێ وەردەگـرن وتـەنانـەت تۆش- مەبەستی شێخ ڕەبیعە- لەهەندێك لەنووسینەکانتدا سوودت لێ وەرگرتــوون، لــەم کاتــەدا، دەســتم کردبــە بەرابــەریکردنی(مطابقــة) ناونیــشان وبابەتــەکان، بــۆم دەرکــەوت کەهــەر هەواڵــەو هــەواڵ بەدرۆدەخاتــەوە، لەکۆتاییــشدا، هەرهــەموویان، ناونیــشانگەلێکی بێزارکەرن وخوێنەری ئاسایی بۆئەوە ڕادەکێشن کەدەم بکوتێتە سەید قوتـب وقـسەی پـێ بڵـێن، لەڕاسـتیدا مـن بۆخـۆم وبۆتـۆش وبۆهـەموو موسڵمانێك، شـوێنی هەڵـەو تاوانـەکان دەبـوغزێنم، هـەروەك بێگومـان ئەوپەڕی دۆڕاندنە کەمرۆڤ چاکەکانی خۆی بەدیاری بنێرێت بۆکەسێك کەبڕوای وایە دوژمنێتی ورقی لێ یە.

٢. بەپێی تێڕوانینەکەم بینیم کەئەم کتێبە(إضواء الإسلامية على عقيدة ســيد قطــب وفكــره):بنــەماکانی لێکۆڵینــەوەی زانــستی، بێلایــەنی زانستیی، ڕێبازی ڕەخنەیی، دەستپاکی لەگواستنەوەو زانستدا، بـاش

دروسـتکراوە، هەرچـی کـۆی دیـاردە ماددیـەکانن، بـوونی خـوا ڕادەگەیـەنن ولـەخودی خۆیاندا بوونێکی تایبەتییان نییە.بڕوانە (الموسوعة الميسرة) لاپەڕە ( ٧٨٣) .

تێنەگەیشتن وهەرسنەکردنی حەقی لەدەستداوە، هەرچی ئەدەبی گفتوگۆو بەرزیی شێوازی نووسین وپتەوی خستنەڕووی باسەکان، ئەوە هیچ خولیایەکی کتێبەکە نییە، بۆبەڵگەش:

**یەکەم:** بینیم کەلەگواستنەوەی قسەکاندا، پشت بەچاپە پێشوونەکانی کتێبەکانی سەید قوتب بەستراوە، وەکو(في ظلال القرأن)و ( العدالة الأجتماعية)، خۆشتان دەزانن وهەروەك لەپەراوێزی لاپەڕە(٢٩) داهاتووە، ئەوکتێبانە چەندین چاپی دواتری دەستکاریکراویان هەیە.

بەپێی بنەماکانی ڕەخنەو دەستپاکی زانستیی، پێویستە ڕەخنەکە گەر لەدەقەکان بوو، ئاراستەی چاپی کۆتایی کتێبەکە بکرێت، چونکە دەستکاریکردنی تێدایەو چاپی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش– خوایارو پشتیوان بێت– شاراوە نییە لای ئێوەو زانیارییە سەرەتاییەکانتان، وەلێ لەوانەیە هەڵەی قوتابیەك بووبێت کەزانیاریەکانی بۆئامادە کردوویت وئەمەی نەزانیبێت؟ ئەم مەسەلەیەش، هاو وێنەکانی لای زانایان شاراوە نییە، بۆنموونە، کتێبی(الروح)ی (ئیبن ئەلقەییم) - ڕەحمەتی خوای لەسەر- کاتێك هەندێك لەزانایان ئەوشتانەیان تێدابینی کەخۆی بڕوای پێ هەبووە، وتوویانە: لەوانەیە ئەم کتێبەی لەسەرەتای ژیانیدا نووسی بێت، غەیری ئەویش لەزانایانی تر، لەهەرشوێنێکدا شتێك بینرابێت، هەرئەو حیسابەی بۆکراوە، کتێبی(العدالة الإجتماعية)ش، یەکەم کتێبی سەید قوتبە لەبابەتە ئیسلامیەکاندا –خواش پشت وپەنایە–.

**دووەم:** بەڕاستی کاتێك لەپێڕستی ئەم کتێبەدا خوێندمەوە کە وتووتانە:( سەید قوتب ڕێی داوەو لای دروستە کەغەیری خواش

بەرنامە دابڕێـژێت) لاپـەڕە(١٣٩– ١٤٢) مـووم گرژبـوو، بـەخێرایی وپێش هەموو شتێك بۆی گەڕامەوە، بـەلاَم بینـیم کـەکۆی قـسەکە لەچـەند دێڕێکـی دیـاریکراوەوە لـەکتێبی (العدالـة الإجتماعیـة)وە، وەرگـیراوە، قـسەکەی سـەید قـوتبیش ئـەو ناونیـشانە بێزارکـەرە ناگەیەنێت، وەلێ بـاوای دابنـێین کەقـسەکەی گوزارشـتێکی نادیـار یان ڕەهـای تێدایـە، جاچۆن بیگۆڕین بـۆ هەڵەیـەك کـەپێی کـافر دەبێت؟ هەڵەیەك ئەوشـتانە لەڕەگـەوە دەربێنێـت کەسـەید –بـەر ڕەحمـــەتی خواکـــەوێت– ژیـــانی خـــۆی لەســـەر بنیـــات نـــاوەو پێنووســـەکەی خـــستۆتە خزمـــەتکردن بۆبانگـــەواز بـــۆلای یەکخواپەرسـتی لـە(حـوکمڕانی وبەرنامـە داڕێژانـدا)و بەرپەرچـی داڕشتنی یاسا دەستکردەکانی داوەتەوەو لەبەرامبەر بکەرانی ئەم کارەدا وەستاوەتەوە.

بێگومــان خــوای گــەورە، لەهەمووشــتێکدا، حــەزی بەدادگــەری وسینەسـافیە، منـیش هـەروا تـۆ دەبیـنم کەبـە پـشتیوانی خـوا، دەگەڕێیتەوە بۆلای دادگەری وسینەسافی.

**سێیەم**: یەکێکی تر لەناونیشانە وروژێنەرەکان، ئەوقسەیەتانە کە: (سەید قوتب بڕوای بەیەکێتی بوون(وحدة الوجود) هـــەبووە(٩٤-١٠٩).

گومانی تێدانییە کەسەید– بەر ڕەحمەتی خواکـەوێت– قـسەیەکی گومـان هـەڵگری کـردووە، لەڕاڤـەی هـەردوو سـورەتی( الحدیـد) و(االإخـلاص) دا شـێوازەکەی جۆرێـك لـەفڕینی ئـەدەبی تێدایـە، کەپشتی پێ بەستووە سەبارەت بە دانپیانانی بەیەکێتی بووندا.

ئێوە باشتان کردووە، کەکاتێك قسەیەکی تری سـەیدتان لەڕاڤـەی سـورەتی(البقـرة) دا هێنـاوە کەبـەڕوونی بیرۆکـەی یـەکێتی بـوون

ڕەتدەکاتــەوە، لەوقــسانەش:( هەرلێرەشــەوە لــەبیری ئیــسلامی دروســتدا، نــەرێی بیرۆکــەی یــەکێتی بــوون دێتــە کایــەوە). منــیش ئــەوەتان بــۆ زیــاد دەکــەم، کەلەکتێبەکەیــدا(مقومــات التــصور الإســلامي) بەرپــەرچــدانەوەیەکی تێروتەســەلی تێدایــە بۆئەوانــەی کەبڕوایان بەیەکێتی بوون هەیە، لەبەرئەوە، ئێمە دەڵێین:( خــوای گــەورە لەوقــسە گومــان هەڵگرانــەی ســەید قوتــب خــۆش بێــت کەبەشـێوازێك بـۆی چـووەو دەربڕینــەکانی تێـدافراوان کـردووە، قـسەی گومـان هــەڵگریش لەبەرامبــەر دەقێکــی ڕاشـکاوی بـڕاوە لەقسەکانی تری، ڕاناوەستێتەوە.

هەربۆیــە تکادەکــەم، کــەخێرا ئــەوجۆرە کافرکردنــە نێوکۆییــە- چــیمنی- ی تێـدا لاببرێـت وبـسڕدرێتەوە، لەڕاسـتیدا مـن سـۆزو بەزەییم بۆتان هەیە.

**چوارەم**: لێرەدا، بـەتۆی بـەڕێزو پایـەدار، بەهـەموو ڕوونییەکـەوە ئێژم: بێگومان تۆ لـەژێر ئـەم ناونیـشانانەدا لەڕاڤـەکردنی لاإلـە إلا الله، دا پێچەوانەی زانایان وشارەزایانی زمانەوانییـە)، (٤٢-٤٤) و (نـــاڕوونی یەکتاپەرســـتی لەپـــەروەردگارێتی- ربوبیـــە- و پەرستراوێتیدا-ألوهیـة- لای سـەید قوتـب(٤٥-٤٧) ، ئێـژم ئـەی خۆشەویــست وخۆشویــستراو، تۆهــەموو ئەوشــتانەی کەســەید لەمەشــخەڵەکانی یەکتاپەرســتی وداخــوازی وپێداویــستییەکانی کــەبڕیاری لەســەر داوە، بــەبێ ووردبوونــەوە، لەڕەگــەوە دەرت هێناون، ئەوانەش ڕووکارێکی دیارن بەژیانی سەیدەوە، هەموو ئەو شتانەی کەئێوە باستان کردووە، یـەك قـسە هەڵیدەوەشـێنێتەوە، کەوتوویــەتی: بێگومــان یەکتاپەرســتی خــوایی لەفــەرمانڕەوایی و بەرنامە داڕێژانـدا، لەداخوازییـەکانی ووشـەی تەوحیـدە- سـەید-

بــەر ڕەحمــەتی خــوا كــەوێت– زۆر پێــی لەیــەر ئــە مەســـەلەیە دادەگــرت، كاتێــك بینیبـــووی، بوێرییـــەكی بـــێ مانـــا هەیـــە لەهەڵوەشـاندنەوەی حـوكم كردنـی شـەریعەتی خـوادا لـەبواری دادوەریداو یاسا دەستكردەكان لەجێگـەی دانرابـوون، گومانیـشی تێدانییـە كەئـەم كەنارخـستنەی شـەریعەتی خـوا بـەو بوێرییـەوە شتێكی گەورەیەو ئوممەتی ئیسلامی، لەكاروانـە دورو درێژەكەیـدا شتی وای بەخۆوە نەبینی بوو لەپێش ساڵی ١٣٤٢ ی كۆچییەوە.

**پێنجەم**: یەكێكی تـر لەناونیـشانەكانی پێڕستـەكە: (سـەید قوتـب وتوویەتی كەقورئان دروستكراوەو قسەی خوا، گوزارشتە لەویستی خوا، ٨٨ ـ ٩٣).

جاكاتێك گەڕامـەوە بۆئـەو لاپـەڕە ناوبراوانـە، یـەك پیـتم نـەبینی كەسـەید بەڕاشـكاوی دان بـەم بێژەیـەدا بهێنێـت كـە(قورئـان دروستكراوە)، چۆن ئەو ئاسانكارییە دەبێت تابیدەیتە بەرهێرشـی ئەوشتە كافركەرانـە؟ كۆتـایی ئـەوەی كـەمن بینـیم درێـژەی داوە بەشـێوازی نووسـینەكەی، وەكـو ئـەوەی دەڵێـت:( بـەڵام خـەڵكی ناتوانن شتێكی لێ پێك بهێنن–واتە پیتە پچرپـچڕەكانی سـەرەتای سـورەتەكان– وەكـو وێنـەی ئـەم قورئانـەبێت، چـونكە قورئـان لەدەستكردی خوایە، نەك دەستكردی خەڵك..)

ئەوەش دەربڕینێكە گومانی تێدانییە كە هەڵەیە،وەلێ، ئایا لـەڕێی ئەوقسەیەوە حوكم بدەین كەسەید ئەم قسە كافركەرە دەڵێت كە: (دروسـتكراوی قورئـان)ە؟! خودایـە تـۆ ئاگـاداری مـن نـاتوانم بەرگەی ئەو بەرەنجامە بگرم!!

ئـەم قـسەیەی سـەید قوتـب، قـسەیەكی تـری هاوشـێوەی ئـەوم بیردەخاتەوە، كـەهی(شـێخ موحەممـەد عەبـدولخالق عـەزیم)ەیـەو

لەپێشەکی کتێبەکەیدا(دراسات في أسلوب القرأن الكريم)، کەبەسوپاسەوە، زانکۆی ئیمام موحەممەد سعودیی ئیسلامی چاپی کردووە، ئایا هەموو ئەوانە بەوقسەیەی کەقورئان دروستکراوە، بدەینە بەرنەشتەر، خودایە تۆ ئاگاداربە، نەخێر، لەڕووی لایەنی بابەتی بوونەوە، کەگرنگە، بەم ئەندازەیە کۆتایی دێنم.

لە لایەنەکانی ترەوە، ئەم شتانەی خوارەم بۆ دەرکەوت:

٣. ڕەشنووسی ئەم کتێبە، بەقەڵەمی دەست،خۆی لە(١٦١) لاپەڕە دەدات، کەلەچەند دەسخەتێکی جودا جودا پێکهاتووە، بەپێی باری ئاسایی. وانازانم کەتەنها یەك لاپەڕەشی بەپێنووسی خۆتان بێت، یامەگەر دەسخەتی ئێوە گۆڕابێت، یاخود لەمن تێکەڵبووە، لەوانەشە کتێبەکانی سەید قوتب درابێت بەکۆمەڵێك لەقوتابییەکان، هەرکەسەو چی بۆ دەرکەوتبێت لەژێر چاودێری جەنابتدا، یابەواژووی جەنابت، ئەوەی دەرهێناوە.

لەبەرئەوە، نەگەیشتوومەتە ڕاستی لەوەی کەبدرێتە پاڵ تۆ، مەگەر ئەوەنەبێت کەتۆ لەسەرت نووسیوە کەدانراوی خۆتە، ئەوەش لای من بەسە بۆئەوەی کە بەبەڵگەوە بزانم کەهی ئێوەی بەڕێزە.

٤. سەرەڕای جیاوازی دەسخەتەکانی، وەلێ کتێبەکە لەسەرەتاوە تاکۆتاییەکەی لەسەر یەك ئاست دەخولێتەوەو دێت ودەچێت، ئەویش بریتیە لەوەی کە: بەدەروونێکی شڵەژاو وهەڵژوونێکی بەردەوام وچاوپێداخشانێکی وورد لەدەقەکان کەفشاریان دەخاتە سەر، تاکو هەڵەی گەورەی لێ بەرهەم بهێنێت، وادەکات کەلەشوێنێکداکەجێگەی ئەگەری ڕێ تێچوونەو قسەکان واتای زۆر

هەڵدەگرن، ئەودەيكاتە شوێنى يەكلاكراوەو بڕێنراوە كەهەڵگرى گفتوگۆ نەبێت، ئەوانەش هەڵوەشێنەرى ڕێبازى ڕەخنەگرتنن كەبێلايەنى زانستييە.

٥. لەڕووى داڕشتنەوە: گەر بەراووردێ بكەين لەنێوان ئەوو شێوازى سەيد دا، ئەوە شێوازەكەى لەنزمبوونەوەدايە، شێوازى سەيديش لەبەرزبوونەوەدايە، گەر واى دابنێين كەهى بەڕێزتانە، ئەوە شێوازى نووسينى(كەسێكى ئامادەييە)و ناگونجێت لەفێرخوازێكى زانستەوە دەركەوتبێت، كەپلەى بەرزى زانايەتى وەرگرتووە، لەچێژو تامى نووسينى ئەدەبيدا، هەردەبێت تواناكان هاوسەنگ وڕێك بن، تواناى ڕەوانبێژى وبەيانيى وجوان خستنەڕووش دەبێت هاوسەنگ وڕێكبن، گەرنا باقەڵەمەكە بشكێنرێت.

٦. بێگومان شێوازى هاندان وگەرمكردن وتۆقاندن زاڵە بەسەر ڕێبازى زانستيى ڕەخنەييدا، هەربۆيە وەلأمدانەوەكە، ئەدەبى گفتوگۆى لەدەستداوە.

٧. لەكتێبەكەدا، لەسەرەتاوە تاكۆتايى، بريتييە لەهێرشكردن، تەنگ سينەيى،نارێكى وهەڵەنەكردن وتێكچوونى دەربڕينەكان، جائەمە بۆچى؟

٨. ئەم كتێبە حيزبايەتى نوێ هاندەدات، كەلەدەروونى گەنجاندا، جڵەوى فيكريى، جارێك بەلاى حەرام بوون و جارێكيتر بەلاى ڕەخنە لێگرتنيدا بردووە، يائەم شتە بيدعەيەو ئەوەيان موبتەديعە، ئەوشتە گومڕاييە، فلأن كەس گومڕايە، هيچيشيان بەڵگەيەكى ڕوونيان نييە كەبەس بێت بۆ چەسپاندنى قسەكانييان.

ئـــەم شـــتانە لـــەخۆبایبوونی دینـــداری وخۆبەگـــەورە زانینـــی لێ لەدایکبووە، هـەتا وای لێ هـاتووە کەسێك ئـەوە کاریـەتی، وەکـو ئەوە وابێت کۆڵێکی لەسەرپشتی هەڵگرتووەو خـۆی لەوقورسـاییە ڕزگـارکردووەو جڵـەوی ئوممـەتی ئیـسلامی لەکـەناری لەناوچـوون گرتۆتـــەوە، لای هەنـدێك کەسـیش ئـــەم کەسـە، لـە خۆپـارێزی وغیرەتدا بۆ پاراستنی شەریعەتی پاك، باڵی گرتووەو بەرزبۆتەوە، ئـەو شـتانەش بـەبێ لێکۆڵینـەوەن، کەلەڕاسـتیدا تـەنها ڕوخانـدن وتێکدانن، گەر واش دابنرێن کەبینایەکی سەرکەشـە، بـەلاّم بـەرەو نزمبوونەوەو داڕووخانە، پاشان، وەکـو ئـەوە وایـە کـەخۆت فێنـك بکەیتەوە لەبەر بایەکی توندو بەهێزدا.

ئەمانە، شەش ڕووکاری ئـەم کتێبـە بـوون کـەپێی دەناسرێتەوەو گەیاندوویەتی بەوەی کەهیچ چێژێکی نییە.

ئەوەی باسکرا، ئەوشتانە بوون کـەبۆم دەرکـەوتن وبـەپێی حـەزی خۆتـان کـەداواتان لـێم کردبـوو، داوای لێبـوردنیش دەکـەم کـە وەڵامەکـــەم دواکـــەوت، چـــونکە پێـــشتر گـــرنگیم نـــەدابوو بەخوێندنـەوەی کتێبـەکانی ئـەم پیـاوە، گەرچـی لەناوخەڵکیـدا بڵاوەو خەڵکی دەساو دەسی پێ دەکەن، بەلاّم لەترسی گـەورەیی ئەوشتانەی کەئێوە باستان کردووە، پاڵی پێوەنام بۆچەندین جـار خوێندنەوەی گشت کتێبەکانی، بەلاّم بینیم لەکتێبەکانیدا خێرێکی زۆرو ئیمانێکی گەشاوەو ڕاستییەکی درەوشاوەو شـیکردنەوەیەکی ئابڕووبەری پیلانەکانی دوژمنانی ئیسلامی تێدایـە، لەگـەڵ ئـەوەی هەنـدێك کـەلێن ودرز لەمیانـەی قـسەکانیدا هەیـە، درێـژەدان بەدەربڕینـەکانی، کەخۆزگـە شـتی وای نەووتبایـە، زۆرێکیـشیان، قـسە حەقـەکانی تـری هەڵیدەوەشـێننەوە لەشـوێنێکی تـردا،

کامڵبوون شتێکی هەروا ئاسان نییە، ئەم پیاوەش ئەدیبێکی ڕەخنەگربووە، دوای ئەوە ڕووی کردۆتە خزمەتکردنی ئیسلام لەڕێی قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو ژیاننامەی پێغەمبەرەوە– صلی الله علیه وسلم– ئەوەبوو خاوەنی چەندین هەڵوێست بوو لەبەرامبەر پرسەکانی سەردەمی خۆیدا، سووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی لەپێناوی خوادا، پێشوونەی خۆی لای خەڵکی ئاشکرا کردبوو، دوای لێ کرا کەبە پێنووسەکەی چەند ووشەیەکی لێبوردن بنووسێت، بەڵام ئەو قسە ئیمانییە بەناوبانگەکەی کرد: (بێگومان بپەنجەیەك کەبۆ شایەتیدان بەرزی دەکەمەوە، هەرگیز ووشەیەکی پێ نانووسم کەزیانی پێ بگەیەنێت) یاووشەیەکی لەوشێوەیە.

کەواتە پێویستە لەسەر هەمووان، دوعای لێخۆشبوونی بۆبکەن وسوود لەزانستەکەی وەربگرن، ئەوشتانەش کەیەکلامان کردەوەو هەڵەی تێدا کردوون، وامان لێ ناکەن کەبێبەش بین لەزانستەکەی و واز لەکتێبەکانی بهێنین.

تۆش– خوا چاودێرت بێت– حاڵی سەید قوتب، وەکو حاڵی زانایانێك دابنێیت کەڕۆیشتوون، وەکو ئەبوئیسماعیلی هەرەوی وگەیلانی، کەبزانە چۆن شێخی ئیسلام ئیبن ئەلتەیمیە، بەرگری لێکردوون، لەگەڵ ئەوەی کەچەندین هەڵەی زەق وگەورەیان هەبووە، چونکە بنچینە لەڕێڕەوەکەیاندا، سەرخستنی ئیسلام وسوننەت بووە، بڕوانە کتێبی(منازل السائرین)ی هەرەوی، شتی سەرسوڕهێنەری وای تێدا دەبینی کەقەبووڵ ناکرێت، هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا (ئیبن ئەلقەییم) ئەوپەڕی بیانووی بۆ دەهێنێتەوەو تێیاندا تاوانباری ناکات کەلە ڕاڤەی (مدارج

السالكين) دا باسی دەكات، منيش لەكتێبی(تصنيف الناس بين الظن واليقين) بەتەواوی ئەو مەسەلەیەم باسكردووەو ئەوەی دەستم كەوتبێت چەند ڕێسایەكی ڕێكخەرم داناوە.

لەكۆتايشدا، من ئامۆژگاری شێخی بەڕێزو خۆشەویست لەبەرخوا، دەكەم كەدەست هەلگرێت لەچاپكردنی ئەم كتێبە(إضواء الإسلامية على عقيدة سيد قطب وفكره) گومانی تێدانییە كەدروست نییە بلاوبكرێتەوەو چاپ بكرێت، لەبەرئەوەی كەهاندانێكی توندو ڕاهێنانێكی بەهێزی تێدایە بۆگەنجانی ئەم ئوممەتە تاكو بكەونە قسە ووتن بەزانایان وخۆدوور گرتن لێیان وكەمكردنەوەی ڕێزيان وپشت هەڵكردن لەچاكەكانيان ..

جا ڕێم پێ بدە– خوا بەرەكەتدارت بكات– گەرلەدەربڕینەكانمدا، توند بوویم، ئەوە بەهۆی ئەو خۆتوندكردن و هاندانە توندەی ئێوەوەیەو لەسۆزی منەوەیە بۆئێوەو سووربوونی ئێوە بوو بۆ زانينی ڕای من لەبارەی سەیدەوە....پێنووس ئەوەی نووسی كەپێشتر ووترا... خوای گەورە هەنگاوی هەمووان ڕاست بكاتەوە..

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته**

**براتان/ بەكر عەبدوڵلا ئەبوزەيد**

**١/٢٠/ ١٤١٤ی كۆچی**

# فەتوای طەورة زانایان سەبارةت بەسەید قوتب

خوێنـەری خۆشەویست: ئـەم فەتوایانـە بۆیەکـەم جارکەویـستم لەعەرەبییەوە لەکتێبی (کبار العلماء یتکلمون عن الدعاه) وەریـان بگێڕمـە سـەر زوبـانی کـوردی، کەلەنووسـینی (ئـەبو موحەممـەد حیجری کوڕی موحەممەدی قەرەنی)یە، بەڵام دواتر گەڕام بـەدوای سەرچاوەکانی ترداو بینیم لەچەند شـوێنێکی تریـشدا، هەرهـەمان فـــەتوای زانایـــان دووبـــارە نووســـراونەتەوەو بڵاوکراونەتـــەوە، خۆشـبەختانە لـەکتێبی (گێـژاوی مەدخـەلیزم)یـشدا، بەعـەرەبی وبـەکوردی بڵاوکراونەتـەوە، بۆیـەکا، بەپێویـستم نـەزانی کـەبۆ جارێکی دی وەریان بگێڕمەوە، لەبەرئەوە دەقی کوردی و عەرەبی فـــەتواکانم، بـــەبێ دەســـتکارییەوە، لەکتێبەکـــەی(هـــێمن عەبدولعـــەزیز)ەوە گواســـتەوە، بۆزانیـــاری زیـــاتر دەتـــوانی کتێبی(گێژاوی مەدخەلیزم) بخوێنیتـەوە، کەلـە لاپـەڕەکانی (١٣٣ تـا ١٤٦) تایبەتـە بەفـەتوای زانایـان لـەبارەی سـەید قوتـب وپیاهەڵدان ودەرخستنی بەشێك لەووتـە هەڵـەکانی، چاپی یەکـەم (٢٠٠٧- ١٤٢٩)..

# (محمد ناصرالدین الالبانی) سەبارەت بە (سەید قوتب)

١. شێخی ئەلبانی زۆر بەئینساف ئەبێت لەگەڵ سەیدو بەهیچ جۆر



تەکفیری سەید ناکات، هەروەك لەم گوتارەی خوارەوەی شێخ وەدیار ئەکەوێت:

السؤال الأول– وكلا السؤالين واردة من كتاب (في ظلال القران)– ذكر صاحب كتاب(في ظلال القران)، في الأول سورة(طه) بأن القران ظاهرة كونية كظاهرة السماوات والأرض، فما رأيكم في هذا الكلام، مع أنه صادر بكاف التشبيه ياشيخ؟؟

فأجاب الشيخ: محمد ناصرالدين الألباني– رحمه الله–: نحن– ياأخي– قلنا أكثر من مرة أن سيد قطب– رحمه الله– ليس عالماً، وإنما هو رجل أديب، كاتب، وهو لايحسن التعبير عن العقائد الشرعية الإسلامية، وبخاصة منها العقائد السلفية، ولذلك فلا ينبغي أن ندندن حول كلماته كثيراً، لأنهُ لم يكن عالماً، بالمعنى الذي نحن نريدهُ، عالماً بالكتاب والسنة، وعلى منهج السلف الصالح.

فهو في كثير من تعابيره، يعني تعابير أنشائية.. بلاغية.. وليست تعابير علمية، وبخاصة تعابير سلفية.. ليست من هذا الباب..

فنحن لا نتردد باستنكار مثل هذا التعبير، وهذا التشبيه، أقل مايقال فيه: أنهُ لايعني أنهُ كلام الله حقيقة– كما هو عقيدة أهل السنة والجماعة.. أو أنه كلام الله مجازاً– كما هو عقيدة المعتزلة– كلام خطابي شعري..

لكن أنا لاأرى أن نقف كثيراً عند مثل هذا الكلام، إلا أن نُبَين أنه كلام غير سائغ شرعاً، وغير معبر عن عقيدة الكاتب للقرآن الكريم، هل هو كلام الله حقيقة أم لا؟ هذا الذي أعتقده، وهذا هو الجواب عن السؤال الأول.

السؤال الثاني: وهو في نفس الكتاب– وذلك في بداية سورة(النبأ)، أو بالأصح: مقدمة سورة(النبأ) قال عن القرآن، وكلمة في القرآن، أنه(تموجات موسيقية)؟؟ فقال الشيخ الألباني– رحمه الله–: نفس الجواب.

فقال السائل: هذا يقودنا ياشيخ الى بعض التساؤل: نرى في كثير من كتابات بعض الكتاب، أو من المنتسبين للعلم..

فقال الألباني– رحمه الله– عفواً قبل ما تكمل، **ماذا فهمتَ أنت من قوله: تموجات؟؟ هل هو يعني الكلام الصادر من رب العالمين، أم هو من جبريل– عليه السلام– أم من نبينا الكريم؟؟ ما تفهم لا هذا ولا هذا ولا هذا ! !..** ولذلك أنا بقول: كلام خطابي شعري، لاينبي عن رأي الكاتب وماذا يعنيه.. هكذا الحقيقة أكثر الكتاب عندما يكتبون، يكتبون عبارات أنشائية خطابية، لاتعطي حقائق كونية واقعية.. طيب كمل.

فقال السائل: مع قولكم هذا ياشيخ– بارك الله فيكم– نرى كثير من الكتاب، أو من طلاب العلم الذين تأثروا حتى بمنهج المحدثين، أو لهم مثلاً في علم الحديث، أو في علم بعض الأمور تأثروا بمنهجه..

فقال الشيخ الألباني –رحمه الله–: وما هو منهجه؟ وهل له منهج؟ فقال السائل: نعم، وهو التأثر بكتابات أبوالأعلى المودودي، في كلماته، كثير من الكلمات، مثل كتابه( العدالة الإجتماعية )، وكتابه(التصوير الفني في القرآن) ..

فقال الشيخ الألباني– رحمه الله –: هذا أسلوب أدبي، ليس أسلوباً علمياً..

فقال السائل: لا، هناك منهج خاصة في التكفير، تجهيل الأمة، وتكفيرها، وخاصة في الكتاب (العدالة الإجتماعية).. وذكر عنه أيضاً صاحب كتاب(الأعلام) للزر كلي، ذكر عنه هذا، وأنه كان –يعني– اتخذ هذا المنهج وهو تجهيل الأمة بكاملها، تجهيل كل من حوالية، فتأثر بهذا المنهج كثير من الشباب الآن، فأصبحوا يدعون لكتبه، ويدعون لآرائه، ولجميع ما كتبه، فما رأيكم ياشيخ في هذا؟؟

فقال الشيخ الألباني– رحمه الله –: رأينا أنه رجل غير عالم وانتهى الأمر! ! **ماذا تريد –يعني– أكثر من هذا؟! ! إن كنت تطمع أن نكفره، فلستُ من المكفرين، ولا حتى أنت أيضاً من المكفرين.. لكن ماذا تريد إذا؟! !** يكفي المسلم المنصف المتجرد أن يعطي كل ذي حق حقه، وكما قال تعالى:(ولا تبخس الناس أشياءهم ولا تعثوا في الأرض مُفسدين)، الرجل كاتب، ومتحمس للإسلام الذي يفهمه، لكن الرجل أولاً ليس بعالم، وكتاباته (العدالة الإجتماعية) هي من أوائل تأليفه، ولما ألف كان محض أديب، وليس بعالم، **لكن الحقيقة أنه في السجن تطور كثيراً، وكتب بعض كتابات كأنها بقلم سلفي ليست منه، لكن أنا اعتقد أن السجن يربي بعض النفوس، ويوقض بعض الضمائر، فكتب كلمات، يعني يكفي عنوانه الذي يقول:( لا إله الا الله، منهج الحياة).**

لكن إذا كان هو لايفرق بين توحيد الألوهية، وبين توحيد الربوبية، هذا لا يعني أنه لايفهم توحيد الربوبية، وتوحيد الألوهية، وأنهما يجعلهما شيئاً واحداً.. لكن يعني أنه ليسَ فقيهاً، وليس عالماً، وأنه لايستطيع أن يعبر عن المعاني الشرعية التي جاءت في الكتاب وفي السنة، لأنه لم يكن عالماً.

فقال السائل: ألا ترى–ياشيخ– مع هذا التأثر وهذه الأمور التي كتبها، أن يُرد عليه؟ فقال الألباني –رحمه الله–: **نعم يُرد عليه، ولكن بهدوء وليس بحماس.. يُرد عليه، وهذا واجب.. ليس الرد على المخطيء محصوراً بشخص أو أشخاص.. كل من أخطأ في توجيه الأسلام بمفاهيم مبتدعة، وحديثة ولا أصول لها في الكتاب، ولا في السنة، ولا في سلفنا الصالح، والأئمة الأربعة المتبعين، فهذا ينبغي أن يُرد عليه..**

لكن هذا لا يعني أن نعاديه.. وأن ننسى أن له شيئاً من الحسنات! ! يكفي أنه رجل مسلم، ورجل كاتب إسلامي– على حسب مفهومه لإسلام

كما قلتُ أولاً–( غير واضح) وأنه قُتل في سبيل دعوته للإسلام، والذين قتلوه هم أعداء الإسلام..

أما أنه كان منحرفاً في كثير أو قليل عن الإسلام، فأنا في إعتقادي قبل ماتثور هذه الثورة ضده، أنا الذي قوطعت من جماعة الإخوان المسلمين هنا بزعم أنني كفرت سيد قطب، وأنا الذي دللت بعض الناس على أنه يقول بوحدة الوجود، في بعض كتاباته في نفس التفسير.. لكن في الوقت نفسه **أنا لاأُنكر عليه أنه كان مسلماً، وأنه كان غيوراً على الإسلام، وعلى الشباب المسلم، وأنه يريدُ إقامة الإسلام، ودولة الإسلام**، لكن الحقيقة:

أوردها سعد وسعد مشتمل.. ما هكذا ياسعد تورد الإبل. فقالَ السائل: هل يحذر من كتبه؟ فقال الشيخ الألباني– رحمه الله –: يحذر من كتبه من الذين لاثقافة إسلامية صحيحة عندهم..

**واتە:**

پرسیاری یەکەم: هەریەك لەپرسیارەکان سەبارەت بەکتێبی (فی ظلال القرآن)ە، خاوەنی کتێبی (فی ظلال القرآن) لەسەرەتای سورەتی (طه) دا، وا دەرئەبڕێت کەوا قورئان ڕواڵەتێکی کەونیە، وەك ڕواڵەتی ئاسمانییەکان وزەوی .

ئایا ڕاتان چییە سەبارەت بەم قسەیە، لەگەڵ ئەوە بەکافی لێکچوو ئەمەی گوتووە یاشێخ؟

شێخ بەڕەحمەت بێت وەڵام ئەداتەوە:

برای خۆم، زۆرجاران گوتوومە کەوا سەید قوتب بەڕەحمەت بێت زانا نیە، بگرە ئەو پیاوێکی ئەدیب ونووسەرە، ئەو ناتوانێت دەستەواژەی باش هەڵبژێرێت بۆ بیروباوەڕە ئیسلامییەکان، بەتایبەت بۆبیروباوەڕی سەلەفی، کەواتە، نابێت کەهێندە لەسەر قسەکانی بلێینەوە، چونکە

ئەو زانا نەبووە، بەومانایەی كەئێمە مەبەستمانە، واتە زانا بەكتێب وسوننەت و لەسەر بەرنامەی سەلەفی صالح، زۆربەی دەستەواژەكانی، بریتین لەدەستەواژەی ئینشائی وبەلاغی، نەك دەستەواژەی زانستی، ئەم ئەوە نازانێت كەوا قسەكانی خوا قسەی حەقیقین، هەروەك لەبیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە وایە، یان بڵێت: قسەكانی خوا مەجازیین وەك لەبیروباوەڕی موعتەزیله۲۹ دا وایە، قسەكانی خیتابی وشیعرین..

بەلاَم من ئەوە بەباش نابینم كەلەسەر زۆرێك لەوچەشنە قسانە بوەستین، ئەوەی كەوا دیارئەكەوێت ئەوەیە كە ئەم جۆرە قسانە زۆر رێدراو نین لەسۆنگەی شەرعەوە، وە ئەوقسانەی كەكردوشینی تەعبیرنین بە بیروباوەڕی ئەم پیاوە بەقورئان، ئایا قسەكانی خوا حەقیقین یاخوود نا؟ ئەوەیە كەمن تێی بگەم، ئەمەش وەلاَمی پرسیاری یەكەم.

پرسیاری دووەم: سەبارەت بەهەمان كتێب، ئەویش لەسەرەتای سورەتی (النبأ) یان دروستتر پێشەكی سورەتی (**النبأ**) دەربارەی قورئان ووشە لەقورئان ئەڵێت، كەبەرزو نزمی یان شەپۆڵی مۆسیقین؟ شێخی ئەلبانی( بەڕەحمەت بێت) هەمان وەلاَمم هەیە.

**پرسیار**: ئەمە ڕامان ئەكێشێت بۆچەند پرسیارێك یاشێخ، لەزۆربەی كتێبی نووسەران ئەبینین، واتە: ئەوەی لەسەر زانست حسێبن.. شێخ لێرە قسەكانی پیَ ئەبڕێت وئەڵێت: ببورە پێش ئەوەی كەتەواوی بكەیت، **تۆ چۆن لە (تموجات– شەپۆل) ئەگەیت؟ ئایا ئەو قسانەن كەلای پەروەردگار هاتووە،یان ئەوانەی لای جبریل یان لای پێغەمبەری بەڕێزمان هاتوون؟** كەئەمەش نەئەوەی لیَ ئەفامرێتەوە، نەئەمییان،

بۆیە من ئەڵێم: ئەمە قسەیەکی خیتابی شیعرییە، هیچ شتێك لەقسەکانی نووسەر بنیات ناکرێ لەوە کەمەبەستی پێ چی بووە، ئەمەش شێوازی زۆربەی نووسەرانمانە کاتێك کەشتێك ئەنووسن، دەستەواژەی ئینشائی خیتابی ئەنووسن، کەهیچ حەقیقەتێکی کەونی واقعی نیشان نادەن.. باشە فەرموو قسەکانت تەواوکە.

پرسیارکەر، پرسیارەکە تەواو ئەکاتەوە: لەگەڵ قسەکانتدا یاشێخ – بارك الله فيك– زۆربەی نووسەران، یان قوتابییانی زانست، ئەوانەی کەهەتا بە بەرنامەی فەرمووده ناسان کاریگەرن، یان ئەوانەی زانستیان بەفەرموودە هەیە، یان بەهێندێ شت هەیە، کەچی کاریگەرن بەمەنهەجی ئەو..

شێخی ئەلبانی– بەڕەحمەت بێت – مەنهەجی ئەو چی بوو؟ ئایا هیچ مەنهەجێکی تایبەتی هەبوو؟

پرسیارکەر: بەڵێ، ئەولەقسەکانی کاریگەرە بەکتێبەکانی ئەبوئەعلای مەودودی، بگرە لەزۆربەی قسەکانی، وەك لەکتێبەکەی (**العدالة الإجتماعية**) وکتێبی (**التصوير** الفنى فى **القرآن**) ئەوە بەدیار ئەکەوێت.

شێخی ئەلبانی –بەڕەحمەت بێت– ئەمە شێوازێکی ئەدەبییە، نەك شێوازێکی زانستی.

پرسیارکەر: نەخێر، بەرنامەیەکی تایبەتی لەئارادایە، سەبارەت بەتەکفیر، لە بێئاگاکردنی ئوممەت وتەکفیرکردنیان، بەتایبەت لەتێبی (**العدالة الإجتماعية**).. هەروەك خاوەن کتێبی (**الاعلام**)ی –زەرکەلی– سەبارەت بەمەی باسکردووە، واتە: ئەومەنهەجەی گرتۆتەبەر کەهەموو ئوممەت بەگومڕا دادەنێت، ئەمەو زۆربەی زۆری گەنجەکان بەم بەرنامەیە کاریگەرن، تا وایان لێهاتووە خەڵکی بۆکتێبەکانی ئەو

وڕاوبۆچوون و تێکڕای کتێبەکانی بانگهێشت ئەکەن، ئایا ڕات چییە سەبارەت بەمە یاشێخ

شێخی ئەلبانی –بەڕەحمەت بێت– ئەمە وائەبینین کەئەم پیاوە زانا نییە ئیتر کۆتایی هات**!! ئیتر چیت ئەوێت– یانی– واتە لەمە زیاترت ئەوێت؟!! ئەگەر تۆ حەزت بەوەیە کەمن تەکفیری بکەم، ئەوا من لەتەکفیرکاران نیم، وەتۆش هەرلە تەکفیرکاران نیت.. بەڵام چی ترت ئەوێ ئیتر؟!!** بەسە موسڵمان ئەبێ مونسیف بێت وحەق بەهەموو شت بدات، هەروەك خوا دەفەرمووێت: شتەکانییان بەکەم نرخ مەگرن وفەسادیش لەسەر زەوی مەنێنەوە، ئەم پیاوە نووسەرە، وە بەسۆزبووە بۆئەو ئیسلامەی کەتێی گەیشتبوو، بەڵام یەکەم ئەوەیە کەئەم پیاوە زانا نەبووە، وەسەبارەت بەکتێبی (العدالة الإجتماعية) کەلە نووسراوە پێشینەکانی ئەم پیاوەبوو، ئەوکاتەی کەئەم کتێبەی دانا، ئەوپیاوە ئەدیبێکی ڕووت بوو، ئەو هەرگیز زانا نەبوو، بەڵام لەحەقیقەتدا ئەو لەزیندان زۆر پێشکەوت، هێندێ کتێبی نووسین وەك بڵێی بەقەڵەمی سەلەفییەك نووسرابێت نەبە قەڵەمی ئەو، بەڵام من وائەزانم کەوا زیندان هێندێ کەس پێ ئەگەیەنێت وویژدانەکان وەئاگا ئەهێنێت. بەسە ئەو ناونیشانەی کەئەڵێت: ( لا إله إلا الله، منهج الحياة) واتە: لا اله الا الله بەرنامەی ژیانە.

بەڵام ئەگەر ئەو تەوفیر نەخاتە نێوان یەکتایی خوا لەخوایەتی ویەکتایی خوا لەپەروەردگاریتی، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئەو لەمەفهومی یەکتایی خوا لەپەروەردگارێتی و لەخوایەتی خوا نەگەیشتبێت و هەردووکیانی بەیەك شت ناسیبێت.

بەلاّم ئەو فەقیە نەبوو، ئەو زانا نەبوو، ئەو ناتوانێت تەعبیر لەمانا شەرعیەکان بکات، کەوا لەکتێب وسوننەتدا هاتوون، چونکە ئەو زانا نەبوو.

پرسیارکەر ئەڵێت:ئایا یاشێخ سەبارەت بەوکاریگەرییەو ئەوکارو باسانەی کەنووسیویەتی، ئایا وەلاّمی نادرێتەوە؟

شێخی ئەلبانی –بەڕەحمەت بێت– ئەڵێت: بەڵێ، وەلاّم ئەدرێتەوە، بەلاّم لەسەرخۆو بەهێواشی، نەك بەهەڵچوون وتەنگەشاوی.. وەلاّمی ئەدرێتەوە، کەئەوە واجبە، وەلاّمدانەوەی هەڵەچی، تایبەت نییە بەکەسێك وچەند کەسێك، هەموو ئەوانەی کەئاراستەی ئیسلامی ئەکەن بەتێگەیشتنی بیدعەو داهێنانی شتەکان، کەهیچ بنەمایەکیان نییە نەلە کتێب ونەلە سوننەت و نەلای سەلەفی صاڵح و نەلای چوار پێشەوا شوێنکەوتووەکان، ئەوکاتە کەپێویستە وەلاّم بدرێتەوە.

بەلاّم ئەوە ناگەیەنێ کەوا دژایەتی بکەین و شتێ لەچاکەکانی فەرامۆشکەین!!

بەسە کەئەوپیاوە مسوڵمان بوو، وەپیاوێکی نووسەری ئیسلامی بوو، ئەویش بەپێی تێگەیشتنی ئیسلام، هەروەك پێشتر ووتمان، ... ئەو لەپێناو بانگەوازکردنی بۆ ئیسلام کوژرا، ئەوانەی کەئەمیان کوشت دوژمنانی ئیسلام بوون.

بەلاّم ئەوە کەئەو زۆر یان کەم لەئیسلام لایداوە، ئەوا من بەبۆچوونی خۆم پێش ئەوەی کەئەم شۆڕشەی لەدژدا هەڵبگیرسێنن، ئەوا من دابڕدرام لەلایەن کۆمەڵەی برایانی موسڵمانەوە، بەهۆکاری ئەوەی کەوایان دەزانی من سەید قوتبم تەکفیرکردووەو هەر منیش بووم کەنیشانی خەڵکم داوە کەسەید لەهێندێ لەنووسین وتەفسیرەکانی قسە بە (وحدة الوجود)٣٠ ئەکات. بەلاّم من نکۆڵی ئەوە ناکەم کەئەو

پیاوە موسڵمان بوو، وەئەو لەسەر ئیسلام وگەنجی موسڵمان بەغیرەت بـوو، وەئـەو دامەزرانـدنی خەلافـەتی ئیـسلامی ودەوڵـەتی ئیـسلامی مەبەست بوو، بەڵام لەحەقیقەت:

أوردها سعد وسعد مشتمل.. ماهكذا ياسعد تورد الإبل.

واتـە: سـەعد چـوو حوشـترەکان بهێنێـت، لـەکاتێك کـەخۆی پۆشـتە کردبوو کەنەدەبوو وای بکردایە.

پرسیارکەر ئەڵێت: ئایا ئاگاداری لەکتێبەکانی ئەکرێت؟

شـێخ ئـەلبانی –بەڕەحمـەت بێـت– ئـەڵێت: تـەنها ئەوکەسـانە لەکتێبەکانی هۆشیار ئەکرێنەوە کەڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی دروستییان لانییە، قسەکانی شێخ تەواو بوو.

**٢. هەروەها سەبارەت بەوکەسانەی کـەکتێب لەسـەر سـەید ئەنووسـن ئەوا شێخی ئەلبانی ئەڵێت:**

قال أحد الحاضرين: الكتابين هذين أحدهم بعنوان( مطاعن سيد قطب في أصحاب رسول الله)، واعتمد فيه على الطبعة السادسة عام ٦٤ قبل أن يموت سيد قطب في سنة..

فقال الألباني: الله يهديه ياأخي شو بيفيد الكتاب هذا؟ الشيخ المحدث محمد بن ناصرالدين الألباني.

واتە: یەکێك لەوانـەی کەلـە کـۆڕی شـێخ دانیـشتووەو پرسـیار ئـەکات وئەڵێت: ئەم دوو کتێبە کەیەکێکیان بەناونیشانی (مطاعن سيد قطب فى أصحاب رسول الله) یە، واتە: تانـەکانی سـەید قوتـب لەسـەر یـارانی پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) کەهەڵبـەت پـشتم بەچاپی شەشـەمی بەستووەو لەساڵی ١٩٦٤ واتە: ساڵێك پێش مردنی سەید..

شێخی ئەلبانی بەڕەحمەت بێت ئەڵێت: خوا هیدایەتی ئەوکەسە بدات، برای خۆم ئاخر چ سودێك لەوکتێبە وەردەگیرێت؟!
( کەمەبەستی ئەو کتێبەیە کەلەسەر سەید نووسراوە).

**٣. هەڵوێستی شێخی ئەلبانی سەبارەت بەکتێبی (معالم فی الطریق) :**
قال السائل: فكنت أتمني سؤال واحد فقط، هل قلتم مرة أن( معالم في الطريق) هو توحيد كتب بأسلوب عصري؟ فقال فضيلة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني– رحمه الله–: أنا أقول إنه في هذا الكتاب فصل قيم جداً، أظن عنوانه:( لا إله إلا الله، منهج الحياة): هذا الذي أقوله.. وأنا قلت آنفاً، ومثل مايقولوا عندنا بالشام(غيرواضح)الرجل ليس عالما، لكن له كلمات عليها نور، عليها علم.. مثل: منهج حياة.
**أنا اعتقد إن عنوان هذا كثير من إخواننا السلفيين ماتبنوا معناه، أنه (لاإله الا الله) منهج الحياة.**
واتە: پرسیارکەر پرسیار ئەکات: تەنها ئومێدی یەك پرسیارم هەیەو بەس، ئەویش ئایا ئێوە وتووتانە کەوا (**معالم فی الطریق**) کتێبێکی تەوحیدە بەڵام بەشێوازێکی سەردەمی نووسراوە؟
بەڕێز شێخ( موحەممەد ناصرالدین ئەلبانی) بەڕەحمەت بێت ئەڵێت: من ئەڵێم لەم کتێبە بەشێکی زۆر بەهێزی تێدایە، کە وابزانم بەناونیشانی ( لا **إله الا الله**، منهج الحياة) لا إله الا الله بەرنامەی ژیانە.. من مەبەستم ئەوەیە، وەمن پێشتر وتوومە، هەروەك لێرە لەشام ئەڵێن( قسەکانی لێرە ڕوون نین) ئەم پیاوە زانا نییە، بەڵام قسەی وای هەن کەڕۆشندارن، عیلمی پێوەدیارە، وەك ڕستەی ( منهج الحياة) .

مــن وائــەزانم کەئــەم چەشــنە ناونیــشانە بــەجۆرێکن کــەزۆرێك لەسەلەفییەکانمان هێشتا لەمانای ئەم ڕستەیە ڕانـەماون کەئـەڵێت: (لا إله الا الله) بەرنامەی ژیانە.

# هەڵوێستی شێخ عبدالعزیز بن باز سەبارەت بە سەید قوتب




**شێخ (عبدالعزیز بن باز) بەڕەحمەت بێت، سەبارەت بەسەید قوتب دەڵێت:**

السؤال: ياشيخ أنا طالب علم، وأريد قولاً من سماحتكم في تفسير سيد قطب من ناحية العقيدة، وخاصة سورة الإخلاص، وسورة المجادلة، وآية قوله تعالى: مايكون من نجوى ثلاثة.. الى آخره ؟

فقال سماحة الشيخ عبدالعزيز بن باز- رحمه الله-: **ماقرأت تفسير سيد قطب، بينما قرأت شيئاً منه.. والتفسير عظيم ومفيد، ولكنه لا يخلو من أخطاء ومن أغلاط،** ولكني لاأذكر الآن شيئاً يتعلق بما سألتَ عنه.. يحتاج الى مراجعة.. فالسائل راجعني- إن شاء الله- بعد يومين أو ثلاثة حتى نفيدك.

الأمام عبدالعزيز بن باز رحمه الله.

واتە: پرسیار/ من تاڵیبی عیلمم، من قسەیەکم لێتان ئەوێت سەبارەت بەتەفسیری سەید قوتب لەبواری عەقیدەوە، بەتایبەت سورەتی (الاخلاص) وسورەتی (المجادلە) و ئایەتی خوای بەرزو بڵند کە دەفەرموێت:( سیٚ کەس نییە چپە بکەن بەیەکەوە، خوا چوارەمیان ئەبێت.. تادوا ئایەت) .

بەڕێز: (شێخ عەبدولعەزیز بن باز) بەڕەحمەت بێت دەفەرموێت:

**من تەفسیری سەید قوتبم نەخوێندۆتەوە، بەڵام چەند شتێکم لیٚ خوێندۆتەوە، ئەم تەفسیرە گەورەو بەسوودە، بەڵام بەدەریش نییە لەهەڵەو کەموکوڕییەکان،** بەڵام من ئێستا سەبارەت بەو پرسیارەی تۆ هیچ شتێکم وەبیر نایەتەوە، ..پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە...

پرسیارکەر دوو ڕۆژتر سیٚ ڕۆژی تر سەردانم بکەوە تاوەکو سوودت پیٚ بگەیەنین.

# هەڵویستی شیخ عبد الله بن جبرین سەبارەت بە سەید قوتب

**شێخ عەبدوڵلا بن جبرین لەکاسێتێکیدا ئەڵێت:**



هناك قوم اشتغلوا ببعض أموات، مثل: سيد قطب وحسن البنا، **الواجب أنهم يلخصون أخطاءهم ويحذرون منها، وأما حسناتهم فلا يدفنوها، ولا يقدح فيهم لأجل تلسك الأخطـاء اوتلك الـزلات، لأن لهـم حـسنات**.. إذا كانوا يذكرون السيئات، وينسون الحسنات، صدق عليهم قول شاعر:

ينسى من المعروف طوداً شامخاً
وليس ينسى ذرة ممن أســــــاء

فيجيب أن تلخص الأخطاء، وأن يحذر منها، وبقية علومهم يستفاد منهم.
واتە: هێندێ كەس هەن بەچەند مردوویەكەوە سەرقاڵ بوون، وەك سەید قوتب وحەسەن بەننا !
**واجب ئەوەیە كەهەڵەكانییان پوخت بكەنەوەو خەڵكی حەزەری لێ بكەن، بەلآم چاكەكانییان مەشارنەوە، نەیەن لەبەرخاتری هەڵەو قسە لەدەم دەرچووەكانییان توانجی لێ بگرن، چونكە ئەوان چاكەو حەسەناتیشیان هەبووە**...بەلآم كەباسی خراپەكانیان ئەكەن وچاكەكانیشیان فەرامۆش ئەكەن، شاعیر ڕاستی فەرمووە كەدەڵێت: بەئەندازەی شاخێكی بەرز لەچاكەكان فەرامۆش ئەكەن، بەلآم تۆسقاڵێك لەوخراپەی كەكردوویەتی لەبیری ناكەن.
كەواتە: پێویستە هەڵەكان پوخت بكەینەوەو خۆمانی لێ حەزەردەین، بەلآم سوود لەباقی زانستی تریان وەرئەگیرێت،